# سنوری ئازادی بیرورِا دەربرِین

## برای بەرِێز کاك عومەر فارس

من خوێنەرێکی سایتە بەرِێزەکەتانم ، زۆر لە مێژیشە حەزدەکەم بە دیدارت شادبم ، ئێمەی کوردی هەندەران لێرە ، یەکێك لەو دیمەنانەی چاومانی پیێ دەگەشێتەوە ، تاسی غەریبیمانی پیێ دەشکیێ ... سایتی کوردستان نێتە ، کە هەردەم وامان لیێ دەکات ئاگای رووداوە خۆش و ناخۆشەکانی کوردستان بین و بەستنەوەیەکی گیانیمان بۆ پێك دێنێت لەگەڵ خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ ئازار و ئاسودەیی گەلەکەمان.

من کە کەسێکی ئەدەب دۆستم ، بە بەردەوامی سایتەکەتان دەبینم ، نووسینی بڵاوکراوەی باشی تێدایە ، بەڵام لەناو ئەو گوڵستانەی کوردستان نێتدا ، چەپکە درِکێك ...... پەڵەیەکی نەواز و ناشرین دەبینم ، ئەویش ئەو نووسینانەیە کە جنێوی ناشرین و بوختان بۆ خەڵك هەڵبەستنی تێدایە ، خەڵکانێك هەیە لە نووسەرە هاوبەشەکانی سایتەکەتان ، نووسینەکانیان دەبنە مایەی سەرئێش و دڵگرانی خوێنەران و خەڵکی بە گشتی ، نەخاسمە کە ئەوان هەر بە خۆیان ((مکرو))هن لە ناو کۆمەڵدا خۆشەویست نین ، ئەوان لە ناو سایتەکەتاندا پانتاییەکی فراوانیان بۆ رِەخساوە بۆ یەکلاکردنەوەی کۆنە قینەکانیان و زۆرجاریش بیێ ئەوەی ئێوە بە ئاگا بن یان رەنگە خۆشیان بە ئاگا بن دەبنە مقاشی دەستی خەڵکانێکی تر لە دەرەوەی چوارچێوەی سایتەکەتان دەبنە بەشێك لە پلانگێرِی و ئازاردانی خەڵك ، بە مەبەستێك کە رەنگە بەرژەوەندی خەڵکانێکی تێدابێت دوژمن بە کورد و کێشەکەی بن .

ئەم نووسەرانە کە ناویان ناهێنم ، ئازادی و را دەربرِینیان بە شێوەیەکی نادروست و دوور لە بەهاکانی مرۆڤیەتی بەکارهێناوە سنوریشیان بەزاندووە ، دەیانەوێت لە ژێر پەردەی ئازادییدا تیرۆری فیکری خەڵکانی تر بکەن ، لە کاتێکدا قسەکردن گەر بەڵگەی تەواو و سەلمێندراوەوە نەبێت . ئەوا دەچێتە قالبی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ . لەمەشدا زۆربەی جار مرۆڤی پاك و نیشتمانپەروەر دبێتە قوربانی ئەم رِەوشە ، بۆیە باشترە هەر لەسەرەتاوە هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتانەدا بکەن زۆر لیێ ووردبینەوە پێش ئەوەی برِیاری بڵاوکردنەوەی بدەن .

دیمەنێکی تر کە بەداخەوە هەستی پیێ دەکەین لە سایتەکەتاندا ئەوەیە: رێگا بە یەکێك دەدەن هێرش بەرێتە سەر بەرامبەرەکەی و کە بەرامبەرەکەی دێتە گۆ بیێ ئەوەی رەش و سپی روونبێتەوە کارەکان رِادەگرن .

من وەکو کەسێك کە سایتەکەتانی خۆش دەوێت ، رەنگە خەڵکێکی زۆرتریش لەو رەئەدا بن ، ئومێد دەکەم بتانتوانیایە رێگا لەو کارە دزێوانە بگرن و هەموو تواناتان رووە سەرخستنی مەسەلەی کوردی ببەن.

مامۆستا صدیق عزیز حسن

هۆڵندا – ٢٠٠٤

***************

www.kurdistanet.org